www.kurdistannet.org
17/05/2002 00:38

الاتحاد العام للاجئين العراقيين

THE INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

# هێزە سەرکوت کەرەکانی حکومەتی تورکیا پاش کوشتن و بریندار کردنی ٥ پەنابەر ، به سەرتاشراوی ٤٣ پەنابەری تر دیپورت دەکەنەوە !

له ئەنجامی بەردەوام بوونی ئاوارە بوونی خەلکی کوردستان له ڕۆژانی سەرەتای مانگی ئایارەوە پۆلێکی فراوان له ژن و پیاو منداڵی خەلکی کوردستانی عیراق که ژمارەیان ٤٣ کەس دەبیت ، له ناوچەی ( کانی‌ماسی )یەوە به مەستی ڕووکردنه هەندەران دەیانەوێت دەرباز بن و بگەنه تورکیا.

بەلام هەموویان دەکەونه نیو بۆسەیەکی هێزە سەرکوتکەرەکانی حکومەتی تورکیا ودەستگیر دەکرێن، پاش لیدان و ئازاردانێکی زۆر، وەك سوکایەتی پێ کردنێك سەری هەموویان دەتاشن ودیپورتیان کەنەوە بۆ کوردستانی عیراق .

ئەمە لەکاتێکدا بوو که هەر هەمان پۆل چەند ڕۆژێك پێشتر بەمەستی گەشتنه تورکیا دەکەونه بۆسەیەکی تری هیزە سەرکوتکەرەکان بەلام له هەمان شوێندا تەقەیان لی دەکەن و دوو کەسیان دەکوژن و سێ کەسی تریان بریندا دەکەن .

ئەمە یەکەم جار نی‌یه که جەندرمەکانی حکومەتی تورکیا خەلکی بێ دیفاعی کوردستانی عیراق قتل وعام دەکەن و هەرجۆرە سوکایەتی یەك که پێیان خۆشه به پەنابەرانی دەکەن ، بەلام ئەوەی تایبەتمەندی یەکی ئەم دەورەیە حکومەتی تورکیا به تەواوی مانا فشاری بۆ پەنابەران هێناوە به بەهانەی جۆراو جۆراو دەستگیریان دەکات و پاشان دیپورتیان دەکاتەوە .

ئیمە وەك فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی زور به توندی کردوەی سەرکوتکەرانەوە کوشتاری پەنابەران لەلایەن سەربازو هیزە سەرکوتکەرانی حکومەتی تورکیاوە زور بەتوندی مەحکوم دەکەین وداوا له هەموو حیزب و ریکخراوە سیاسی و ئینسان دۆست دەکەین که ئەم دەست دریژو کوشتارو سوکایەتی کردنه به پەنابەران به توندی مەحکوم بکەن وناڕەزایەتی خۆتان دژ به کردەوەی نائینسانی هێزە سەرکوتکەرانی حکومەتی تورکیا دەبڕن !

سکرتاریەتی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

١٤ / ٥ / ٢٠٠٢

Address: PL 3
00391 Helsinki - Finland
fediraq@sci.fi
Fax : 00 358 3 31392145

© KurdistanNet